لەویٚ پیٚنج دانە ساڵی تەواو لە ژیٚر چاودیٚریو سەرپەرشتی پرۆفیسۆریٚکی زۆر ناودارا مایەوە، هەزاران ڕۆبڵی لیٚخەرج کرا. هەڵبەتە وەکو دەڵیٚن یارۆی گەوشەگ ئەگەرچی نەبوو بە خاوەن ئەقڵ، بەڵام کەمیٚك ڕواڵەتی بە شەری پەیدا کرد. یانی کەمیٚك لە بەشەر دەچوو.

لە پرێکا "پ..." مرد. هیچ وەسیٚتیٚکی لە دوای خۆی بەجیٚ نەهیٚشتبوو. ئیدی کاروباری دارایی وی یەکپارچە ئاژاوە بوو، جۆرەها هەقدارو میراتگری چاوچنۆكو تەماعکاری بۆ پەیدا بوون، کە هیچ بەخەمی پاشماوەی ئەو ماڵباتە ئەشرافانەوە، نەبوون کە بە هۆی گەمژەیی زگماکەوە لە سویسرادا، لە ژیٚر چارەسەردا بوون. بەڵام ئەم گەوهەری یەك دانەیەی ئیٚمە باسی دەکەین، هەرچەندە گیٚلو گەمشۆ بوو، ویستی ئەو پرۆفیسۆرەی کە سەرپەرشتیو چارەسەری دەکرد، فریو بدات، ئەوەندەی ئیٚمە ئاگامان لیٚیە، هەواڵی مەرگی بەخیٚوکەرەکەی خۆی لیٚشاردەوە، بەو جۆرە توانی کاریٚك بکات کە دوو دانە ساڵ بەخۆڕایی چارەسەری بکات. بەڵام پرۆفیسۆرەکەش، شەیتان بوو، کاری خۆی دەزانی، کە دیتی هیچ هەواڵیٚکی پارەو پول نییەو نەخۆشیٚکی گەمژەی بیستو پیٚنج ساڵانی نەوسنو زۆر خۆری بەسەردا کەوتووە، پیٚڵاوە شڕەکانی خۆی دایەو پاڵتۆیەکی دەڵبی کۆنەی بیٚ قۆڵی لەبەر کردو بە قیتاری نمرە سیٚو لەسەر حیسابی خۆی، تا لە کۆڵ سویسرای بکاتەوە، بۆ رووسیای ناردەوە.

ڕەنگە وا مەزندە ببریٚت کە بەخت لەم قارەمانەی ئیٚمە هەڵگەڕا بووبیٚتەوە، بەڵام مەسەلەکە وانە بوو. ئەو بەختو قەدەرەی کە بەلایەوە گرینگ نەبوو تیٚکڕای هاوشاریانی مە لە برسا بمرن، هەرچی خیٚرو بیٚرو نیعمەتی خۆی هەبوو، هەمووی بە جاریٚ، بەسەر ئەم ئەرستۆکراتیە چکۆلەیەدا داباراند بوو، ریٚك وەکو هەورەکەی حیکایەتەکەی کریلوف*، کە بەسەر کیٚڵگە بیٚ ئاوو تینوەکاندا، ڕەت دەبیٚو دەچیٚت لەسەر دەریا و ئۆقیانووساندا دەباریٚ. ئەم میرزادەیە، هیٚشتا لە سویسراوە، بە تەواوەتی نەگەیی بووەوە پترسبۆرگ کە یەکیٚك لە خزمو خویٚشەکانی دایکی ( کە لە چینی بازرگانان دەبیٚت ) دەمریٚت. ئەم پیرە بازرگانە ریشنە، وەچاخ کویٚر دەبیٚت، یانی منداڵی نابیٚتو موریدو لایەنگری تەریقەتی ئاینی راسکولنیك* دەبیٚت. میراتیو پارەو پولیٚکی بیٚشوماری لەپاش بەجیٚ دەمیٚنیٚ، بە چەندین ملیٚونی کاش تەقدیر دەکریٚت. ( خویٚنەری ئازیز چ دەبوو ئەگەر ئیٚمەش شتیٚکی وامان بە نسیب ببوایە ! لە هەر پیٚویستیەکی دنیا دەخەلەساین !) تیٚکڕای ئەم میراتە بەم نەونەمامەی لەمەڕ خۆمان، کە لە سویسرا خەریکی چارەسەری گەوجاتی خۆی بوو! بڕا.. ئیدی وەزعو حاڵەکە یەکسەر گۆڕا. میرزادەی زەرگاڵ لەپیٚ، پاش ئەوەی لە ئافرەتیٚکی زۆر جوانی فاحیشەی ناوزراوی مەنشور نزیك بووەوە، کاتیٚکی بە خۆ زانی دۆستو بنارۆی دنیا لە دەوری خڕبوونەوە، جۆرەها خزمی لیٚپەیدا بوون، بە تایبەتی کیژە نەجیمزادان، کە خوا خوایان بوو شووی پیٚبکەن. نە هەقیان نەبوو، کیٚ خوا دەیداتی میٚردی وای دەست بکەویٚ، گەنجیٚکی ئەرستۆکراتی، دەوڵەمەندی، گیٚلۆکە ؟ میٚردیٚك کە هەموو خەسڵەتیٚکی بە کەڕەتیٚ تیا کۆبووبیٚتەوە ؟ بە چراشەوە بۆ میٚردی وا گەڕابان دەستیان نەدەکەوت، یان بەگویٚرەی دڵی خۆیان بە کردیان دابا وا دەرنەدەچوو!...

ئیڤان فیدوروفیچ لە ناکاودا، بەوپەڕی توڕەیی هاواری کرد:

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بە ترسەوە هاواری کرد:
– لەوە دەچیٚ ئەقلٚت لە دەست دابیٚت ! ئەم گەوجیەتیە چیە ؟ تۆ برِۆ فریای خۆت بکەوە، تۆ پیٚویستت بە دەواودەرمانە، نەك بە قسەو خوتبە ! خیٚرا برِۆ لە جیٚگەدا بکەوە !.
هیپولیت، بەدەم بزەوە گوتی:
– باشە باش، لە جیٚگەدا دەکەم. کەوتنیٚکی وا دەکەوم کە هەستانەوەی لە دوا نەبیٚت. دویٚنیٚ ویستم بکەوم‌و چاوەرِوانی مەرگ بکەم. بەلاٚم دوایی کە زانیم هیٚزی ئەوەم تیایە لەگەلٚیاندا تا ئیٚرە بیٚم، برِیارم دا مۆلٚەتی دوو رِۆژان بە خۆم بدەم‌و بیخەمە دوو سبەی... بەلاٚم ئەلهەقی هەست بە ماندوو بوونیٚکی زۆر دەکەم...
لیزاڤیتا، بە دەستی خۆی کورسیەکی بۆ هیٚناو گوتی:
– کەواتە دانیشە ! دانیشە ! بۆچی وەستاویت ؟
هیپولیت، بە دەنگیٚکی کز گوتی:
– سوپاس، بیٚزەحمەت لە بەرانبەرم دانیشە تا بتوانین قسە بکەین. لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، ئیٚمە پیٚویستە قسە بکەین، من سوورم لەسەر قسەکردن. ( بزەیەکی دی بۆ کردو لەسەری رۆیی). گویٚ بگرە، ئەمرِۆکە دوا رۆژە کە من لە هەوای ئازادو لە نیٚو خەلٚکدا دەبینی. دوو هەفتەی دیکە ئەم کاتانە لە ژیٚر گلٚدا دەبم. کەواتە ئەمە جۆرە مالٚئاواییەکە لە خەلٚکی‌و لە سروشت، هەرچەندە من کەسیٚکی زۆر عاتیفی نیم، بەلاٚم ئەوە بزانە کە زۆر حەزدەکەم، ئەمە لە پاڤلوفسکدا رِوو بدات. بەلای کەمەوە پیاو لیٚرە، سەوزایی‌و دارو درەختان دەبینیٚ...
لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، کە دەم بە دەم شپرزەو نیگەران تر دەبوو گوتی:
– ئاخر ئەمە کەی کاتی قسەکردنە ؟ تۆ تایەکی توندت لیٚیە. تۆ تۆزیٚ لەمەپیٚش هاوارت دەکرد، دەت نەرِاند. هەنوکە بە ئاستەم هەناسەت بۆ دەدریٚت.
– ئیٚستا چاك دەبم، خەمت نەبیٚ. بۆچی ناتەویٚ دوا ئاواتم بیٚنیتە دی ؟... دەزانی، خا لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، زۆر لە میٚژە بە ئاواتەوە بووم بتبینم ؟ زۆر شتم دەربارەی تۆ بیستووە... کولیا بۆی باسکردووم. کولیا تاقە کەسە کە پیٚی لیٚنەبرِیوم... تۆ ژنیٚکی نا ئاساییت، عەجیب‌و غەریبی – ئا ئیٚستا بە چاوی خۆم ئەمەم لیٚت بینی – دەزانی کەمیٚکیش خۆشم ویستیت ؟....
– پەنا بەخوا ! چەند کەرم، خۆ خەریك بوو لیٚی بدەم !
– ئەگەر لیٚم بە درۆ نەبیٚ، ئاگلایا ئیڤانوڤنا دەستی گرتیت. ئەمە کچی تۆیە ؟ ئەوەندە جوانە، هەر کە چاوم پیٚیکەوت، هەرچەند قەت پیٚشتر نەم دیتبوو، یەکسەر مەزەندەم بۆی چوو.
هەنگیٚ هیپولیت، لەسەری رِۆیی‌و بە دەم بزەیەکی تالٚ‌و پرِ حەسرەتەوە گوتی:
– بانگی بکە، با بەلای کەمەوە، بۆ دواجار لە ژیانما تیٚر تەمەشای جوانی ئافرەتیٚك بکەم! سەبارەت بە تۆ ئەوە میرزادە لیٚرەیە، میٚردەکەت دەگەلٚە، دەورت قەرەبالٚغە. ئیدی بۆچی رازی نابیت، دوا ئاواتم لەسەر دەستی تۆ بیٚتە دی ! بۆ کاریٚکی وادەکەی ئەم ئاواتەم بەرمە ژیٚر گلٚەوە؟
لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا هاواری کرد، گوتی:
– کورسییەکم بۆ بیٚنن !

